# فەزڵ و گەورەیی پاداشتی زیکری خوا

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى الـه وسـلم ئەفـەرموێ : ( إن الله تعالى يقول : أنا مع عبدي ما ذكرني و تحركت بي شفتاه ) صحيح الجامع 1906 واته : ( خـوای بـەرز ئەفـەرموێ : مـن لـه گـەڵ بەنـدەی خـۆمم تـا زیکری من بکاو لێوەکانی به زیکری من بجولێ ) .

وه پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( خير العمل أن تفارق الدنيا و لسانك رطب من ذكر الله ) سلسلة الاحاديث الصحيحة 1836 واته : ( چاك ترین کردەوه ئەوەیه که له دونیا جیا بیتەوەو زمانت تەڕ بێ بەزیکری خوا ) .

وه پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى الـه وسـلم ئەفـەرموێ : ( ما عمل آدمي عملا أنجى له من عذاب الله من ذكر الله ) صحيح الجامع 5644 واتـه : ( مرۆڤ کردەوەیەك ناکا که زیاتر ڕزگاری بکا له سزای خوا له زیکری خوا).

وه پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفـەرموێ : ( ألا أنبئكم بخير أعمالكم وأزكاها عند مليككم وأرفعها في درجاتكم وخير من إنفاق الذهب والورق وخير لكم من أن تلقوا عدوكم فتضربوا أعناقهم ويضربوا أعناقكم قالوا بلى قال ذكر الله ) صحيح الترغيب والترهيب 1493 واتـه : ( ئایا هەواڵتان بدەمێ به چاکترینی کردەوەکانتان وه پاکترینی لای مـەلیکتان وه بەرزترینی لـه پلـەکانتان وه چاکتر بـێ بۆتـان لـه بەخشینی زێڕو زیـو وه چاکتر بێ بۆتان لەوەی بگەنه دوژمنەکانتان و لـه ملیـان بـدەن و لـه ملتـان بدەن ؟ وتیان بەڵێ فەرموی : زیکری خوا ) .

وه پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( لا يقعد قوم مجلسا يذكرون الله عز وجل الا حفتهم الملائكة ، وغشيتهم الرحمة ، ونزلت

عليهم السكينة ، وذكرهم الله فيمن عنده ) رواه مسلم واته : ( قەومێك دانانیشن زیکری خوای عز وجل بکەن ئیللا فریشتەکان دەوریان ئەدەن ، وە ڕەحمەت دایان ئەپۆشێ ، وە دڵ نەوایی و ئارامی دا ئەبەزێتە سەریان ، وە خوا باسیان ئەکا لای ئەوانەی لە لای خوای بەرزن ) .

## ئایا ئەمانەوێ لەو خێرو چاکەیەمان بەر کەوێ ؟

ئەگەر ئەتەوێ ئەوە لە هەموو شتێك ئاسان ترە نە پارەت سەرف ئەبێ نە ماندوو ئەبی هەتا زیکری خواش بکەی هەر پلەت بەرز ئەبی ئەوەنەش بەسە کە لای فریشتەکانی کە نزیکن لە خوای پەروەردگاری ئەرزو ئاسمان لای ئەوان خوای عز وجل باست ئەکا ! باشە زیکری خوا کە ئەوە پاداشتی بێ کە لە جیهادو زێڕو زیو بەخشین گەورە تر بێ چۆن ئەیگۆڕیتەوە بە گۆرانی و بە ناو سروود =لای حیزبە بەناو ئیسلامیەکان گۆرانی ئەڕازێننەوە حەلاڵی ئەکەن و پێی ئەڵێن سروود= کات بە سەر بردن بە شتی بێ سوود و زیان بەخش !؟ وە ان شاء الله لە بەشی داهاتوو هەندێ لەو زیکرانە باس ئەکەین کە هاتووە لە فەرموودەکانا .

**باوکی حارث**